شاندکی باڵای پارتی و یەکێتیی لە پیرمام کۆبوونەوە

دوای کۆبوونەوەی هەر دوو شاندی دانوستانکاری یەکێتیی و پارتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لە پیرمام، هەردوو حیزب راگەیەندراوێکی هاوبەشیان باڵاوکردەوە.

لە راگەیەندراوەکەدا کە ئەڵمە سەشمەم بڵاوکراوە هاتووە: لە کۆبوونەوەکەدا بارودۆخی ناوچەکە و ئاڵۆگۆڕانکارییانەی کە هاتوونەتە ئاراوە و کاریگەرییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان خرانە بەر باس، هەردوولا کۆک بوون لەسەر تێبایی و هاوهەڵوێستی لە پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە هەستیاردا.

ئاماژە خراوەتە ووە، تەوەرێکی کۆبوونەوەکە باس لە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێویست بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەیە کرا، هەردوولا هاوڕا بوون کە بۆ زووترین کات لەسەر ئامادەکردنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ئەو بنەمایانەی کە حوکمڕانیی کوردستانیان بۆ قۆناغی ئایندە لەسەر بنەماوەدەچێت بکەن، بەشێوەیەك کە پارێزگاری لە پێگە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و ماف و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان و سەرجەم پێکهاتەکانی بکات.